راگەیاندنی کۆلێژی ئەندازیاری زانکۆی سەلاحەدین

5 Dec ·

راگرو یاریدەدەری راگری کۆلێژ لەگەل مامۆستایانی کۆلێژی ئەندازیاری کۆبونەوە

ئەمرۆ سێ شەمە رێکەوتی ٢٠٢٣/١٢/٥ بەرێز راگری کۆلێژی ئەندازیاری پرۆفیسۆر دکتۆر شکر قرەنی عزیز و بەرێز یاریدەدەری راگری کۆلێژ دکتۆر دانەر حسن غالب کۆبونەوەیەیان لەگەل مامۆستایانی کۆلێژ ئەنجامدا
لەسەرەتادا بەرێز راگری کۆلێژ دەست خۆشی لە سەرۆکی بەشەکان و مامۆستایانی بەرێز کرد کەوا ئەرکەکانیان لگل قوتابیان زۆر بەباشی جێ بەجێ دەکەن و داوای لێکردن بەردەوام بن تا پرۆسەی خوێندن بەباشی بەرێوە بچێت وەهەروەها باسی لە کارەکان کرد کە لەم ماوەیەدا زۆر کاری باش کراوە لە نێوان راگرایەتی و سەرۆکایەتی بەشەکان توانییانە بەشێوەیەکی باش کێشەکان چارەسەر بکەن.
دواتر بەرێز یاریدەدەری راگر دکتۆر دانەر زۆر سوپاسی مامۆستایانی بەرێز کردوو داوای لێکردن هەولبدەن بەهەر شێوازێک بێت هاوکاری قوتابیانی خۆشەویست بکەین لە پرۆسەی خوێندن
وە هەولبدەین کۆلێژی ئەندازیاری بەدەرەوە بناسێنین لە بازاری کاردا تا قوتابیان هەلی کاریان دەست بکەوێت دوای تەواو کردنیان لە کۆلێژ.
دواتر بەرێز راگری کۆلێژ گوێ ی لە مامۆستایان گرت وباسیان لە کێشەو گرفتەکان کرد بەرێز راگر ئامادەیی خۆی پیشاندا بۆ داواکاریەکانی مامۆستایانی بەرێز ئەوەی لەتوانای راگرایەتی بێت راستەوخۆ جێ بەجێ ی بکات ئەوەی لەسەرۆکایەتی زانکۆش بێت بەرزی بکاتەوە بۆ داواکردنی گشت مافەکانی مامۆستایان و قوتابیان.
لە کۆتایشدا بەرێز راگرو یاریدەدەری راگر زۆر سوپاسی مامۆستایانیان کردو هیوای سەرکەوتنیان بۆ خواستن



